



# پۆرتی USB۳ بە خێراییەکی زۆرەوە بەڕێوەیە

تەکنەلۆژیای USB بۆ هەموو کەس ئاشنایە، گەرچی تەنیا خۆی کیبلێکی چوارگۆشەیی بچووکە کە لە زۆربەی کۆمپیوتەرەکاندا دەبیندرێ، بەڵام لە راستیدا یەکێکە لە سەرکەوتووترین داهێنانەکانی کۆمپیوتەر لە مێژووی خۆیدا، هیچ دوور لە راستی نییە کە بڵێین USB ئەگەرچی تەنیا کەلێنێکی پەیوەندی دامەزراندنە لە نێوان کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکەدا، بەڵام گرنگترین تەکنەلۆژیی کۆمپیوتەر بووە.

USB لە ماوەیەکی کەمدا دوو قۆناغی بڕیوە، USB1 و USB2 هەرچەندە ئەوەی دواییان بەرادەیەکی زۆر خێرایە، بەڵام هێشتاش وەڵامدەری راگواستنی فایلە ڤیدیۆیە قەوارە گەورەکان نییە. هەربۆیە USB3 کە بڕیار وایە لە ساڵی 2009 بکەوێتە بازاڕ، خێراییەکەی دە جار پترە لە USB2. 4.8 گیگابایت لە چرکەیەکدا رادەگوێزێ. USB3 هەرچەندە لە ستانداردی کێبڵی ئیپتیکال سوود وەردەگرێ بەڵام لەگەڵ فۆرماتی USBیە کۆنەکانیش دەگونجێ.

## ماوس بە پێ ئیش دەکات





ماوس، یەکێکە لە ئامێرە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر و شاکلیلی کۆمپیوتەرە، ماوس لە ڕەوتی داهێنانی خۆیدا چەند قۆناغێکی بڕیوە، وەک ماوسی سەرەتایی، ماوسی لەیزەری، ماوسی وایەرلەیس و..هتد، ماوسەکان هەموویان بە پەنجەی دەست بەگەڕ کەوتوون، لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی ئەمەریکی ماوسێکی تایبەتی دروست کردووە کە بە پێ ئیش دەکات. زۆر کەس پێیانوایە بەهۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر تووشی نەخۆشی دەبن. ئەو ماوسەی کە بە پێ ئیش دەکات، بە Foot Mouse ناسراوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ماوسە ئەوەیە کە دە دوگمەی فەرماندانی کیبۆرد وەك: دوگمەی (Ctrl) و (Alt) و (Shift) و.. لە ماوسەکەدان و بەهۆی ئەو دوگمانەوە ئاسانکاری لە فەرمانەکاندا هەیە.






سامسۆنگ یەکێك لە دوایین مۆدێلەکانی خۆی بەناوی U600 هێنایە بەرهەم. ئەو مۆبایلە 7 ڕەنگی هەیە دروست وەك حەوت ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە. هەر بەهۆی ئەم ڕەنگاوڕەنگییەوە بوو کە سەرنجێکی زۆری کڕیارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

تایبەتمەندییەکانی ئەو هاندە بریتین لە دیزاینێکی جوان و ڕێك، سوود وەرگرتن لە ڕەنگەکان. بارستایی ئەم هاندە 10/9ملمە، واتە زۆر تەنکە. شاشەکەی توانای نیشاندانی 264هەزار ڕەنگی هەیە، کامێراکەی 3.2 میگاپیکسلە، لەگەڵ ئەوەشدا MP3 پلایەر و رادیۆی FM و کێبڵی پەیوەندان بە تەلەڤزیۆنی لەگەڵدایە. جگە لەوەش گشت فایلەکانی office وەك power point، excel، word تێدایە، جیا لەوانەش فایلەکانی PDFیش دەخوێنێتەوە. میمۆری ناوخۆی 60 میگایە. جگە لەوەش میمۆری دیکەش دەخوێنێتەوە.



# دوگمەکانی کیبۆرد و شێوازی ئەرک و فرمانەکانیان 2-2



لە ژمـــارەی رابـــردوودا ئاماژەمان بەوەدا کـــە کیبۆرد یەکێکە لـــە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر و گەورەترین ئامێری پەیوەندی دامەزرێنەری نێوان مـــرۆڤ و کۆمپیوتەرە. بەبێ ئەو ئامێرە هیچ کاتێك بەکارهێنەری کۆمپیوتەر ناتوانێ سوود لە کۆمپیوتەر وەربگرێ.

هـــەر لە بەشـــی یەکەمدا ئاماژەمان بە رۆڵی بەشـــێك لـــە دوگمە کاراکانی کۆمپیوتەر کرد کە ئاســـانکاری لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا دەکەن، وا لەم بەشەشدا، باسی ئەرك و فرمانی دوگمەکانی دیکە دەکەین.

• دوگمەی Shift

دوگمـــەی Shift بە زۆری لەگەڵ یەکێك لـــە دوگمەی پیتەکان بۆ تایپ کردنی پیتی گەورە لە لاتینیدا بەکار دێ. هەروەها بۆ تایپی کوردی و عەرەبی و فارســـی بۆ نووســـینی ئەو پیتانە ســـوودی لێوەردەگیرێ کە لە سەرەوەی دوگمەکـــەن. بۆ نموونە پیتی Bی لاتینی کە کـــە دوو پیتی ( لا ) (لا)ی عەرەبی لەســـەرە. ئەگەر دوگمەی Shift دابگری پیتی (لآ) دەنووســـرێ. هەروەها لـــە داگرتنی دوگمەی Shift وەك لابرێك بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت سوودی لێوەردەگیرێ. بۆ نموونە داگرتنی دوگمەی Shift و دانانی CDیەك لەسەر کۆمپیوتەر کرداری Auto-run لە CDیەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێبەجێ نابێ.

*دوگمەی Insert

دوگمەی دەق یا Ins بەشـــێوەی هەڵبوون و کوژانەوە کاردەکات و دیاریدەکات کە ئایا کاراکتەرە نوێیەکان کە تایپی دەکەی لەســـەر دەقی پێشـــوو بنووسرێن یـــان لەلای ئەوان تێپەر بن و لەناو دەقەکەدا بنووســـرێن. کاتێك کە دوگمەی Insert هەڵبووە، هەرچی تایپی دەکەی لەو شـــوێنە کە هێمای ماوسەکەی لێـــوە دیارە. ئەو دەقەی کە پێشـــتر هەبوو بۆ لای راســـت دەڕوات. کاتێك کە دوگمـــەی Insert کوژاوەتەوە. دەقی نوێ کە تایپ دەکرێ لەســـەر دەقی پێشوو لەلای راستی هێمای ماوســـەکە دەنووسرێتەوە. زۆربەی پرۆگرامەکان دوگمەی Insert دەکوژێننەوە. بەداخەوە هیچ گلۆپێك بۆ نیشاندانی حاڵەتی کوژانەوە و هەڵبوونی ئەو دوگمەیە نییە.




• دوگمەی Application

ئەگـــەر لە کیبۆردەکەتاندا دوگمەی ویندۆز هەیـــە ئەگەری زۆری هەیە کە دوگمەی Applicationیش هەبێ. کە بە هێمای نووسراوێکی وەك کاغەز و هێمایەکی ماوس لەلای راستی Space bar دەبینرێ. وەك دوگمەی راستی ماوس یان هەمان کلیکی راستی ماوسە.

• دوگمەی Backe Space

ئەو دوگمەیە کاراکتەری بوو لای چەپی هێمای ماوس دەسڕێتەوە. زۆر جاران لەسەر ئەو دوگمەیە تەنیا هێمای سەهمێك بۆ لای چەپ هەیە.



• دوگمەی Tab

دوگمـــەی Tab بـــۆ بـــازدان لە فیلدێکـــەوە بۆ فیلدێکی دیکە ســـوودی لێوەردەگیرێ. بە زۆری لەو کاتانەدا کە خەریکی پڕکردنەوەی فۆرمێکی زۆر بە سوودە بەتایبەتی بۆ دروستکردنی خشتەکان. ئەگەر دوگمەی Shift لەگەڵ دوگمەی Tab پێکەوە دابگیرێن ئەوکاتە Tab بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

• دوگمەی سڕینەوە یان Del یا Delete

پێشتر باســـی ئەوەمان کرد کە دوگمەی Backspace کاراکتەری لای چەپی هێمای ماوسەکە دەسڕێتەوە. دوگمەی Del کاراکتەری لای راستی هێمای ماوسەکە دەسڕێتەوە. بەڵام هێماکە ناجوڵێنێ. بەڵام لەبری ئەو تەواوی دەقی لای راستی ماوسەکە بۆ لای هێمای ماوسەکە رادەکێشێ. جگە لەوەش لە دوگمەی Delete بۆ ســـڕینەوەی فایلێك، یان شـــۆرتکاتێك یان های لایتێکی دیاریکراو سوودی لێوەردەگیرێ.

• دوگمەی پرینت کردن واتە Prtscrn یان print screen

لەو ســـەردەمیدا کە لە سیستەمی DOS سوود وەردەگیرا، ئەو دوگمەیە بۆ پرینت کردنی ئەو لاپەرەیە کە ناوەکەی هەر چاوەڕوانییەکی لێدەکرێ کرداری پرینـــت کردنی دەکرد، کاتێك کە ئەو دوگمەیە دادەگیرا چاپی ئەو لاپەرەیەی دەکرد کە لەسەر شاشەکە بوو.

بەڵام بە هاتنی سیســـتەمی ویندۆز دوگمەی Print screen وێنەیەکی لە شاشـــەکە کۆپی دەکات و لە رامی دا رادەگرێ و پرێنتی ناکا، بۆ پرینت کردنی دەبـــێ پرۆگرامێکی گرافیکی بکەیـــەوە و وێنەکە لەوێدا Paste بکـــەی. پرۆگرامی Paint لە ویندۆزدا ئـــەو کارە دەکا. لە زۆر کیبۆرددا پێویست دەکا لەگەڵ ئەو دوگمەیە دوگمەی Shiftیش دابگری.

• دوگمەی Space bar

گەورەترین دوگمەیە لە کیبۆرددا، کە بۆ دانانی سپەیس واتە شوێنی بەتاڵ لە دەقدا سوودی لێوەردەگیرێ. لە زۆر پرۆگرامدا بۆ دیاریکردنی های لایتەکان سوودی لێوەردەگیرێ.

• دوگمەی Pause-Break

ئەو دوگمەیە پێشـــتر لە پرۆگرامنووسیندا ســـوودی لێوەردەگیرا و ئەمڕۆکە سوودێکی ئەوتۆی نییە.

• دوگمەی Scrool lock

ئـــەو دوگمەیە لە جۆرەکانی هەڵبوون و کوژانەوەیە کە شـــوێنی دوگمەکانی جوڵەدار واتە ســـەهمەکان دیاری دەکا، لە زۆربـــەی پرۆگرامەکانی ئەمڕۆ ئـــەو دوگمەیە کارێکی ئەوتۆی نەماوە. لـــەو پرۆگرامانەیدا کە لەو کلیلانە سوود وەردەگیرا بە داگرتنی ئەو دوگمەیە، دانانی دوگمەکانی سەهم دەبووە هۆی ئەوەی تا گشت لاپەڕەکە بجوڵێ و هێمای ماوسەکە لە شوێنی خۆی بوەستێ. بەڵام کە دوگمەی scrool lock بکوژێتەوە، هێمای ماوسەکە دەجوڵێ.

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کیبۆرد ئامرازێکە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر، فێربوونی شـــێوەی کارکردن لەســـەر کیبۆرد بۆ ئەو کەسەی کە ســـوود لە کۆمپیوتەر وەردەگرێ لە هەنگاوە سەرەتایی و پێویستییەکانە، بەبـــێ کیبۆرد بەکارهێنەر وەك کوێرێك دەچێ کە بە رێگادا بڕوا. رەنگە بە ناســـاندنی کارایی و ئەرکی دوگمەکان تا رادەیەکی زیاتر بە کیبۆرد ئاشـــنا ببن.بە هیوای ئاشنابوونی زیاتر بە جیهانی کۆمپیوتەر.



# کتێبخانەیەک لە پەنجەکانت جێگای دەبێتەوە



موتالاّ و خوێندنەوەی کتێب، رەوتی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێ، کەم نین ئەوانەی کە تەنیا بەهۆی خوێندنەوەوە لە بوارێکی ناهەمواری ژیان بەرەو قۆناغێکی سەرکەوتوو و مەزنی رۆیشتوون، ئەنتەرنێت کە بۆخۆی دەریای زانستە لە هەموو بوارێکدا، گەلێك سایتی تێدایە کە ئەرکیان تەنیا کتێب فرۆشتنە و سەدان سایتی دیکەش کە بە خۆڕایی کتێب دەبەخشن، یەکێك لە سایتە مەزنەکانی کتێب، کتێبفرۆشی ئۆنلاینی ئامازۆنە، سایتی ناوبراو لەم دواییانەدا ئامێرێکی سەرکەوتووی داهێناوە بە ناوی E-book reader کە بۆ ئۆگرانی خوێندنەوەی کتێب زۆر سوودمەندە. ئەو ئامێرە یان پرۆگرامە کە لەگەڵ تەکنەلۆژیای وای فای (Wi-fi) دەگونجێ، ئامێری ناوبراو بە ئەنتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ و کە سەردانی سایتی ئامازۆن کرد، ئەو هەلومەرجە دەرەخسێنێ کە کتێبی داخوازی خۆیان ببینن و وەربگرن. نرخی ئەو ئامێرە دەگاتە 400 دۆلار. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێ هەندێك لە ناوەرۆکی کتێبەکان لەبری خوێندنەوە گوێی لێبگری. ئەوە بۆ نابیناکان زۆر سوودمەندە، جگە لەوەش هەر بەهۆی ئەوەوە هەموو سەرلەبەیانییەك نوێترین ژمارەی رۆژنامەکانی وال ستریت جۆرناڵ و نیۆریۆك تایمز دادەبەزێتە سەر ئەو پرۆگرامە.





# دەزانی سایتەکەت لە ئەنتەرنێتدا لە چ پلەیەکدایە؟

هەرکام لە دینەمۆکانی بەدواداگەڕانی ئەنتەرنێت وەك (گوگل و یاهوو) بەپێی لاپەڕە و دیزاینی سایتەکان بە گوێرەی پرەنسیبێکی تایبەت بەخۆیان سایتەکان دەخەنە ریزبەندییەوە. هەرچەندە سایتێك ئیمتیازێکی زیاتری هەبێ، لە کاتی بەدوادا گەڕان واتە search لە ریزی سەرووتردا دەبێ. ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە خەڵکێکی زیاتر سەردانی ئەم سایتە دەکەن. بەڵام چۆن دەکرێ بزانرێ سایتەکەت لە چ پلەیەك لە ئەنتەرنێت دایە؟

1- یەکەم شت کە ئەم رۆژانە وەك ریزبەندی سایت لە گۆڕێ دایە Page rankی گوگلە. گوگل پلەی نێوان (0) هەتا 10 دەداتە سایت و لاپەڕەکانی ناو سایتەکە، هەرچەندە ئەو پلەیە لەسەرتربێ، نیشان دەدا کە سایتەکە گرنگترە. ئەم پلەبەندییە هەموو مانگێ، جارێك یا دوو جار لەلایەن گوگلەوە چاوخشاندنەوەی بەسەردا دەکرێ. بۆ ئەوەی کە پلەی هەر سایتك لە کاتی کردنەوەی دا ببینی دەکرێ تۆلباری گوگل لەسەر ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێر دابەزێنی (ئەو تۆلبارە بریتیە لە بەشێکی بچووك کە پلەبەندی لاپەڕەکە لە ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێر نیشان دەدات) یان دەتوانی سەر لەو سایتە بدەی www. pagerank.net و ئەدرەسەی ئەو سایتەی کە مەبەستە بینووسە و تاکو پلەی ئەم سایتەت بۆ دەربکەوێ.

2- لینك کردنی سایتەکانی دی بۆ سایتەکەی ئێوە: بۆ ئەوەی بزانی چەند سایت لینکیان داوەتە ئێوە، سەر لە سایتی گوگل بدە و لە بەشی بەدواداگەڕاندا، ناوونیشانی سایت بە زیادکردنی واژەی Link لە سەرەتادا بنووسە، بەم شێوەیە کە لە لێرەدا هاتووە: Link:www.macromediax.com هەروەها دەکرێ لە یاهووشدا ئەوە بکەی. بەڵام لە یاهوودا دەبێ بەم شێوەیە بنووسرێ: link: http://www.macromediax.com . هەروەها لە سایتی MSNیش بەم شێوەیە دەنووسرێ Linkdomain: www.macromediax.com.

3- سایتی ئەلکساش رەنکێك بۆ لاپەڕەی سایتەکان دیاری دەکات و زانیاری زیاتر لەبارەی سایتەکان نیشان دەدات.

4- سایتی LeapMarket یش بەراوردکردنی سایتەکەت لەگەڵ سایتە رکابەرەکانت نیشاندەدا. ئێوە دەتوانن ناوونیشانی سایتەکەی خۆتان لەگەڵ سێ سایتی رکابەرت لەو سایتەدا بنووسن، ئەو سایتە ریزبەندی سایتەکەت نیشان دەدات.